# چۆن یەکەم
# کۆنفرانسمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵەبجە و ئەنفال ساز کرد؟

هیوا ناسیح

گەیاندنی دۆسیەی ئەنفال و هەڵەبجە بە ناوەندە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان و هەوڵدان بۆ بە جینۆسایدناساندنیان کارێکە، کە دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتی و پارتی هەر دوای راپەرین و پێکهێنانی ئەو حکومەتە شێلگیرانە کاریان بۆ بکردایە و هەوڵیان بۆ بدابایە. ئەوان کە هەم ئۆتۆریتەیەکی خۆیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی هەیە، هەمیش بوودجەیەکی زەبەلاحیان لە موڵکی گشتی لەبەردەستدایە، زۆر ئاسانتر و خۆشدەستانەتر دەیانتوانی، چەندان کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەمریکا و سویسرا هەروەها پەرلەمانی ئەوروپا و شوێنانی تر ساز بکەن، وەبیانکەنە سەنتەری چالاکیەکانیان بۆ ئەو دۆسیەیانە.

بە داخەوە ئەو دوو حزبە بە وەزارەتی شەهیدانەکەی حکومەتی هەرێم، لیژنەی شەهیدان وئەنفالکراوانی پەرلەمانی کوردستان وە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەم وڵاتانەی هەندەران لە ئەوروپا و دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان کارێکیان لەو دۆسایەیەدا نەکرد، سەرەڕای باشیی توانا ماددی و مەعنەوی و پەیوەندییەکانیان بە وڵاتانی جهیان، کە لە ئاستی گرنگی دۆسیەکە و هەروەها بانگەشەکردنییان بۆ خۆبەپارێزەری قوربانییانی ئەو تاوانانە و مافەکانی کەسوکاری قوربانییان بێت.

رێکخراوی چاودێری کوردۆساید (چاک) کاتی خۆی چالاکترین رێکخراو بوو، لە بواری مافی مرۆڤ و بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی و گەورەتاوانەکانی، کە دژ بە میللەتی کورد ئەنجامدراوە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاری دەکرد، کۆمیتەی لە باشوری کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا هەبوو. ساڵانێکی زۆر بەندە ئەندامی دەستەی کارگێڕ، بەرپرسی پەیوەندیە بییانییەکان، بەرپرسی کۆمیتەی سویسرا و خولێکیش بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ (٢٠١٤-٢٠١٧) سەرپەرشتیاری رێکخراوەکە بووم. لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانماندا و بۆ خۆئامادەکردن بۆ یادی هەڵەبجە بۆ ساڵی ٢٠١١ پرۆژەیەکم ئامادە کرد بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە بارەگای گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێف، کە تا ئەوکاتە نە حزبە کوردییەکان، نە حکومەتی هەرێم وە نە هی عێراقیش کۆنفرانسی گەورەی وایان ساز نەکردبوو، دوای سەرنج و تێبینی هاوڕێیان، بڕیارماندا بۆ وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێم بینێرین، ئەوکات د. مەجید محەمەد وەزیر بوو، چونکە لە ڕووی ماددیەوە ئیمکانییەتێکی زۆری دەوێت و هەروەها بۆ وەرگرتنی ڤیزە و ئاسانکاری سەفەری ئەوانەی داوەتدەکرێن لە کوردستانەوە بێ پشتیوانی حکومەتی هەرێم ئەستەم دەبوو، پرۆژەکەم لەسەر کاغەزی فەرمی و بە لۆگۆی رێکخراوەکەوە لە ٢٠١٠/٧/١٢ نارد. بەڵام بەداخەوە هاوکاریی پێویستیان نەکردین.

بۆیە ئێمە بە ئیمکانییەتێکی کەمی مادی و بە چەند مانگێک لە کار کۆشش و ماندووبوونمان قۆڵمان لێهەڵماڵی و کۆنفرانسەکەمان سازکرد، واش بڕیار بوو پاش کۆنفرانس هەموو ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کران لە دووتوێی کتێبێکدا بە زمانی ئینگلیزی چاپ بکرێن، بەداخەوە لەبەر زۆر هۆکار ئەم کتێبە چاپنەکرا. شایەنی باسە حکومەتی هەرێم و حزبەکان تەنانەت لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە گرنگییان بە کۆنفرانسەکە دا نەدا، چونکە نەدەچووە بەرژەوەندی حزبییەوە و جگە لەمەش ئێمەی سازکەرانی کۆنفرانسەکە زۆربەمان نەک سەر بەبەرەی دەستەڵات نەبووین، بەڵکە لەو دەموچاوانە بووین کە دوو حزبەکە بە هۆی هەڵوێستی سیاسیمانەوە لە بەرامبەر سەرکوت و دەسگیرکردنی خۆپیشاندەران و پشتیوانی داواکانیانەوە بە ناحەز لە قەڵەم دەدراین، بەڵام ئێمە وەک

ئەرکی سەرشانمان بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا ئەم کارەمان ئەنجامدا و دڵنیام لە داهاتوودا ڕێزی ماندووبوون و گرنگی ئەم کارە دەزانرێت، وەک خۆشم ئەمە و گەیاندنی دۆسیەی ئەنفال و هەڵەبجە بە پەرلەمانی سویسرا ساڵی ٢٠١٢ پاش چەند ساڵ هەوڵ و کۆشش بۆی، بە دوو گرنگترین کاری دەزانم لە ژیانمدا ئەنجامم دابێت. لێرەدا بۆ مێژوو دەقی پڕۆژەکە، هەروەها ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە دادەنێم. ئەمە دەقی پرۆژەکە بوو:

## پڕۆژە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

## ب :کۆنفرانسێک لە یادی 23 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە
## لە بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لە ژنێڤ

### سڵاوێکی گەرم

سەرەتا: وڵاتی سویسرا گرنگی خۆی هەیە، بە هۆی ئەوەی وڵاتێکی بێلایەنە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، سەنتەری ئەوروپایە، دەیان و سەدان پەیماننامە و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لە سەر خاکی ئەم وڵاتە مۆر کراوە، ساڵانە دەیان کۆنفرانس و کۆبونەوەی نێودەوڵەتی لێ ساز دەکرێت. بارەگای زۆر لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی لێیە، لەوانەش بارەگای سەرەکی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەربەنەتەوەیەکگرتوەکان، بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە پاش ئەوەی نیۆیۆرک دووەم گەورەترین بارەگای ئەو ڕێخکراوە جیهانییەیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ڕێکخراوی خۆراکی جهیانی، ڕێکخراوی تەندروستی جهیانی...هتد، بۆیە هەر کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی سەبارەت بە کورد لە شاری ژنێڤ، کە پایتەختێکی دیپلۆماسی نێونەتەوەییە و لە بارەگای ئەو ڕێکخراوە مانا و مەغزای خۆی هەیە، دەنگدانەوەی خۆی دەبێت و سەنگ و قورسایی خۆی هەیە.

بیرۆکەی پرۆژەکە:
لەسەر پێشنیازی چاودێری کوردۆساید – چاک، بۆ ساڵی داهاتو لە ناوەراستی مانگی ئازاردا (گەر 3/16 بێت باشترە، ئەگینا هەر کاتێکی تر لە نێوان28/2 تا 3/25) کۆنفرانسێک بۆ یادی هەڵەبجە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان ساز بکرێت، بە بەشداری ڕاستەوخۆی جەنابی وەزیری شەهیدان وەک لایەنی حکومی بۆ کردنەوە و سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانسەکە، هەروەها چەند شارەزا و پسپۆرێک لە بوارەکانی (گازی کیمیاوی و کاریگەرییەکانی لە شاری هەڵەبجە، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی دژ بە چەکی کیمیاوی، جینۆسایدی گەلان لە یاسای نێودەوڵەتیدا، کۆمەڵکوژی...هتد). لە 28 ی شوبات تاوەکو 25ی ئازاری ساڵی 2011 ئەنجومەنی گشتی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ کۆبوونەوەکانی (وەرزی شانزەهەم)ی خۆی لە هەمان بارەگا سازدەکات. سازدانی کۆنفرانسێکی وەها هاوتەریی ئەو کۆبوونەوانە، کە سەدەها شارەزا و پسپۆڕ و یاسایی و کەسانی دیپلۆماسی و نوێنەری وڵاتان و کەسایەتیی ناودار لە چوارلای جیهانەوە بەشداری تێدا دەکەن، گرنگی و سەنگی خۆی دە ئەوەندە زیاتر دەکات.

ڕێکخەران: ئەم کۆنفرانسە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان و هاوبەشی چاودێری کوردۆساید – چاک / کۆمیتەی سویسرا، دامەزراوەی ئەلحەکیم – نوسینگەی ژنێڤ، ڕێکخراوی جیهانی ( Organisation international interfaith) و سەرۆکەکەی بەڕێز (Dr. Charls Grafz) دەبێت.

**سەرنج و تێبینی:**

1/ دەبێت حکومەتی هەرێم تێچوونی تەواوی بلیتی سەفەر و ڕێکخستن و وەرگرتنی ڤیزا بۆ بەشداربووان مسۆگەر بکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە کوردستانەوە دێن.

2 / ئێمە و ڕێخکراوەکانی تر کە ناویان لەسەرەوە هاتوە لە سویسرا، کاری ئامادەکردنی هۆڵێک بۆ کۆنفرانسەکە و وەرگرتنی مۆڵەتی کۆنفرانسەکە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، مۆڵەتی چوونە ژوورەوە بۆ پسپۆڕان و بەشداربوان و میوانەکان، دەخەینە سەر خۆمان.

3/ تێچوونی مانەوە لە ئوتێل و نانخواردن و هاتوچۆی بەشداربووان و میوانەکان لەسەر وەزارەتی شەهیدان (یان بەگشتی حکومەتی هەرێم دەبێت) کەی پێویستی کرد، دەتوانین تەخمینی بکەین، کە مەسروفاتەکان چەند دەبێت)، یان دەبێت وەزارەت بۆیان جێبەجێ بکات، دەکرێت و ئاساییە چەند میوانێکی ئازیز (ئەوانەی لە کوردستان یان دەرەوەی سویسراوە هاتوون) لە ماڵی دۆست و ئەندامانی (چاک) جێگەو خواردنیان بۆ ڕێکبخرێت بێ بەرامبەر.

4/ ئەو بابەتانەی لەوێدا پێشکەش دەکرێن، دەبێت لای کەمی پێش دوو مانگ لە سازکردنی کۆنفرانسەکە بگاتە دەستی لیژنەیەکەوە، کە لە نوێنەرانی وەزارەت و چاودێری کوردۆساید پێک دەهێنرێت.

5/ ئەو بابەتانەی لە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش دەکرێن، دەکرێت و وا باشترە، کە دواتر بکرێنە کتێبێک و چاپبکرێت.

**پێشنیاز:**

1. بەرای ئێمە ئەو کەسانەی کە بۆ بەشداری لەو کۆنفرانسە دێن، جگە لە بەرێز وەزیری شەهیدان، دەبێت بابەتەکانیان بە زمانەکانی ئینگلیزی یان فەرەنسی پێشکەش بکەن، بۆیە گرنگە یەك لەو دوو زمانە زۆر باش بزانن. ئەم کەسانە گونجاون و دەکرێت 4 – 6 کەسیان داوەت بکرێت: بەرێزان (د. فوئاد بابان - کوردستان، مارف عومەر گوڵ - کوردستان، شەفیقی حاجی خدر - کوردستان، ئەمیری حەسەن پور – کەنەدا، شاخەوان شۆرش – دانیمارک، :شۆرش حاجی – بەریتانیا، ئیبراهیم مەلازادە - بەریتانیا، عادل باخەوان - فەرەنسا، نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا - دانیمارک،.....).
2. دروستکردنی پۆستەرێکی ڕەنگاوڕەنگ و بە زمانی ئینگلیزی بۆ کۆنفرانسەکە.
3. چاپکردن و ئامادەکردنی نامیلکەیە بە زمانی ئینگلزی لە سەر هەڵەبجە و ئەنفال و دابەشکردنیان بە سەر میوانانی بیانی.
4. کۆنفرانسەکە دەکرێت ڕۆژێک بخایەنێت و لە6 – 8 سەعات زیاتر نەبێت یان بکرێتە دوو ڕۆژ.
5. باشترە ئەم بابەتە جگە لە ڕێکخراوی چاک و لایەنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هیچ ڕێکخراو لایەنێکی تردا باس نەکرێت تا بڕیاری لەسەر نەدرێت.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە (هیوا ناسیح) نوێنەری چاودێری کوردۆساید بۆ ئەم کۆنفرانسە:


تێل و فاکسی 0041525343583, یان مۆبایلی: 0041763691971،
hiwanaseh@hotmail.com


هیوادارین لە ماوەی مانگێکدا بە فەرمی وەڵامان بدەنەوە...
هەر شاد و سەرکەوتوو بن...

**چاودێری کوردۆساید - چاك**
**بەشی پەیوەندییە بیانییەکان**
**12.7.2010**
*******************************

پاش ئەوەی هیچ وڵامێکی کۆنکرێتیمان لێیان نەبیست، ئیتر ناچار خۆمان دەستبەکار بووین، قسەمان لەگەڵ هەردوو رێکخراوی جیهانی کرد، کە ئەندامی راوێژکاری بوون لە نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەوانیش دەزگای ئەلحەکیم Al Hakim Foundation و Interfaith international، ڕازیبوون بە هاوکاریمان، تەنها سەرنجێکی د. ئەمیر هاشم سەرۆکی رێکخراوەی ئەلحەکیم، کە کەسێکی زۆر باش و دۆستی کوردیشە، ئەوە بوو کە ناوی کۆنفراسەکە وا لێبکەین (کۆمەڵکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، گۆڕەبەکۆمەڵەکان و بێسەروشوێنەکان و قەرەبووکردنەوەیان) تا هەم لایەنە عێراقیەکانیش راکێشین بۆ کارەکە، هەمیش بابەتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە ئێستادا زیندوە و بەردەوام هەڵدەدرێنەوە و باس بکرێت لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییاندا، گرنگی کۆنفرانسەکە زیاتر دەکات، ئێمەش ڕازیبووین.

ڕاستە ئەوکات قەیرانی مووچە نەبوو، حکومەت پارەی زۆر بوو لە چاو ئێستادا، بەڵام بەداخەوە هەرچەندە بەڵێنیشیاندا هاوکارییەکی جدی و بەرچاویان نەکردین، چونکە ئەو کات گەرمەی بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن و سەرهەڵدانی گۆڕان بوو، ئێمەش بەردەوام پشتیوانیمان لە خۆپیشاندەران و داواکارییەکانیان دەکرد، جگە لەوە ئێمە سەر بە هیچ یەک لە دوو حزبە باڵادەستەکە نەبووین، سەرۆکی حکومەت ئەوکات بەرهەم ساڵح بوو، لە رێگەی هاورێیەکەوە هەندێک هاوکاریی ماددی کردین، قوباد تاڵەبانیش کە ئەوکات نوێنەری حکومەتی هەرێم بوو لە ئەمریکا، لەرێگەی هاوێیەکی ترمانەوە هەندێک هاوکاری کردین، سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە سویسرامان کرد، جاومان بە د. فەوزی قەدور کەوت، کە خۆی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و سەربە پارتییە و نوێنەری حکومەتی هەرێمە لەم وڵاتە، ئەویش هیچ هاوکاریی نەکردین، سەردانی سەفیری عێراق لە سویسرا، د. پیرۆت مان کرد، کە پارتی بوو، ئەو گوتی من کێتان دەوێت وەک کەسایەتی بۆتان داوەت دەکەم و پشتیوانیتان دەکەم بەڵام لایەنی ماددی ناتوانم هاوکاریتان بکەم. لە نێوخۆمان کۆمیتەیەکمان پێکهێنا بۆ ئامادەکاری و سەرپەرشتی کۆنفرانسەکە، چونکە سەرەڕای گرفتەکان هەر سوربووین لەسەرئەنجامدانی. بۆ رێکخستنی گشتی کۆنفرانسەکە و کاروباری کۆمیتەکە من دیاریکرام وەک رێکخەر، واتە شەرەفی ئەوم پێبڕا، کە سەرپەرشتی سازکردنی کۆنفرانسەکەم بکەم، کە یەک لەو کارانەیە لە ژیانمدا شانازی پێوە دەکەم، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی قۆڵمان لێ هەڵماڵی، ماندوونەناسانە، شایەنی باسە بە هۆکاری ئەوەی کاک کاردۆ سەرباز خۆی لە ژنێف دادەنیشت، ئەوم دیاریکرد بۆ کاروباری مەیدانی کۆنفراسەکە، کە بە هەق ئەو و کاروانی برای زۆر ماندوو بوون و بێ ئەرک و زەحمەتی ئەوان ئەستەم بوو کۆنفرانسەکە سەربگرێت، چونکە من زیاتر لە سێ کاتژمێر بە ئۆتۆمبیل لە ژنێفەوە دوورم. بەڵام بە ناچاری و بۆ رێکخستنی کۆنفرانسەکە چەندان جار رۆیشتم بۆ ژنێف و کۆبونەوەمان کرد، هەموو جارێکیش رۆژێکی تەواوم پێدەچوو، دەبووایە مۆڵەتی کارم وەربگرتایە، کە لە ئەوروپا ئەو شتانە زۆر سەختەو مەترسیکردنە بە کارەکەتەوە!

لە ناوەڕاستی مانگی دوو و سەرەتای سێی ٢٠١١دا باشوری کوردستان لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دواتر دا بوو، نزیکەی سەرجەم شارەکانی باشور بەتایبەت لە زۆنی سەوز دەکولان،

ڕۆژانە خەڵک شەهید و بریندار دەبوو، دەستەڵاتی هەردوو حزبەکە توندوتیژییان بەکار دەهێنا، ئێمەش هەموو یان زۆربەمان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا هاودڵ و هاوخەم بووین، بەڵام نەدەکرا پاش ئەو هەموو ئامادەکارییە کۆنفرانسەکە دوابخەین. دوای چەندان کۆبوونەوە و هاتوچۆ و پەیوەندیکردن و پرس و ڕاوێژ، گۆڕانکاری بەسەر ناوی ئەو کەسانەدا هات، کە داوەت بکرێن، هەندێکیان خۆیان بۆیان نەدەکرا، و هەنێکیشیان بە هۆی کێشەی ڤیزە و پاسپۆرت و شتی وا نەیاندەتوانی بێن، لەوانەی کە دیاریکرابوون و نەیویست بێت دکتۆر فاروق ڕەفیق بوو، کە چونکە هاولاتی کەنەدا بوو, پاسپۆرتی ئەوێی هەبوو کێشەی ڤیزەی نەبوو، پارەی بلیتەکەشمان دەدایەوە و شوێنی مانەوەشمان بۆیان ئامادەکردبوو، بەڵام چونکە کاتی سازکردنی کۆنفرانسەکە کەوتبووە دوای ١٧ ی شوبات و ئەویش یەک لە ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران بوو، هەرچەندە بلیتی فڕۆکەشی بڕیبوو، ئۆکەی کردبوو، بەڵام دواجار گوتی: ببورن لەم کاتەدا مەیدانی ئازادی (سەنتەری خۆپیشاندەرانی سلێمانی بوو) جێناهێڵم، چونکە خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێت، کە بە ڕاستی هەڵوێستێکی جوان بوو، کاتی خۆی وتارێکم لەسەر نوسی. ناچار لەو کەشە سیاسییە بارگاوییەی باشور و کێشمەکێشمەی ئەوێدا بەردەوام بووین لە کارەکانمان، تا سەرکەوتووانە کۆنفرانسەکەمان ساز کرد، شایەنی باسە نزیکەی سەرجەم بابەتەکان بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی پێشکەشکران، تەنها دوو وتار نەبێت لەگەڵ پرسیار و وڵامەکاندا، کە لەلایەن د. بابان ئەلیاسی، کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی ئێرانە و زۆر دڵسۆز و خەمخۆرە لە ژنێف دەژی، ڕاستەوخۆ دەکران بە ئینگلیزی، شایەنی باسە ناوبراو ئەم کارەی بێبەرامبەر بۆمان کرد، چونکە کارەکەمان بە یەکێکی تر سپاردبوو، لە پر خۆی زویر کرد و نەهات!

بۆ وردەکاریی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە لێرەدا ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسەکە، کە کاتی خۆی بڵاومانکردەوە، دادەنێم:

**بۆ یەکەمجار لە یادی کارەساتی هەڵەبجەدا**
**کۆنفرانسێک لە نەتەوەیەکگرتوەکان لە سەر کۆمەڵکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال**

لەرێکەوتی 18.3.2011 ڕۆژی هەینی بە بەشداری چەندان پسپۆڕ و کەسایەتی و شارەزا لە کورد و بیانی لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستانەوە، کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لە نێو بارەگای سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە شاری ژنێف وڵاتی سویسرا سازکرا، کە لە ژێر ناوی (کۆمەڵکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، گۆڕەبەکۆمەڵەکان و بێسەروشوێنەکان و قەرەبووکردنەوەیان)ە لە لایەن ڕێکخراوەکانی (چاودێری کوردۆساید – چاک، ئینتەفەیس ئینتەرناشناڵ، ئەلحەکیم فۆندەیشن)ەوە ڕێکخرا بوو.

ئەم کۆنفرانسە کە سەعات 11ی بەیانی تا 5 ی ئێوارە خایاند، لە پەراوێز و هاوتەریی خولی شانزەهەمی کۆبوونەکانی ئەنجومەنی گشتی مافەکانی مرۆڤی سەربەنەتەوەیەکگرتوەکان، بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەرێوەچوو، کە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی لە خۆ دەگرت. جگە لەوەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کۆمەڵکوژییەکانی کورد پیشانی ئامادەبووان درا، هاوکات پێشانگایەکی وێنەییش بۆ شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە شێوەی سلاید نیشان درا.

**دانیشتنی یەکەم: سەعات 11 تا 1ی پاشنیوەڕۆ**

سەرەتای بەرنامەکە د. چارلز گراف، سەرۆکی ڕێکخراوی ئینتەرفەیث ئینتەرناشناڵ کۆنفرانسەکەی کردەوە، باسی لەوە کرد، چۆن و بۆچی کۆنفرانسەکەیان ڕێکخستوە، پاشان وتەیەکی پێشکەش کرد لەسەر کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێمی سەدام  حوسێن دژ بەگەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی.

- وتەی نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق کە لە لایەن باڵوێزی عێراق لە سویسرا د. پیرۆت خوێندرایەوە

- وتەی د. عەبدولئەمیر هاشم، نوێنەری دامەزراوەی ئەلحەکیم

- پرۆفیسۆر و دکتۆر گێرهارد فرایلینگەر لە زانکۆی ڤییەننا، کە یەکەم دکتۆری ئەوروپی و بیانی بوو، کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ١٩٨٨خۆی گەیاند بووە ئەوێ و چەند بریندارێکی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ نەخۆشخانەی ڤییەنا بۆ چارەسەر. لە لێکۆڵینەوەکەیدا وێنە و داتای لەسەر مەرگەساتەکانی کارەساتەکە و چیرۆکی بەرکەوتوان و کاریگەریی گازەکان لەسەریان پێشکەش کرد.

- پرۆفیسۆر ئەنتۆن کیللەر، مامۆستای زانکۆی ژنێڤ و سەرۆک و دامەزرێنەری ڕێکخراوی لیکنزیککردنەوەی کەلتور و ئاینەکان (SLM) وتەیەکی پێشکەش کرد، لە میانەیدا گوتی کوردستان وڵاتی نەتەوە و ئاین و گروپە جۆراوجۆرەکانە، تاوانی زۆر بەرامبەر ئەم گەلە کراوە، گەلانی سەر ئەو خاکە ئاشتییان دەوێت، دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێگە نەدات ئەو کۆمەڵکوژیانە دووبارە ببێتەوە.

- خاتو فریشتە کەوە، کە پسپۆڕی بواری سایکۆلۆجییە لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (شیکردنەوەیەکی دەروونی لەسەر بەرکەوتوان پاش لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی) پێشکەش کرد. لەسەر ئەوە دوا کە چۆن ئێستاش ئەو بەرکەوتوانە لە بارێکی دەروونی شلەژاو و ناجێگیردا ژیان بەسەر دەبەن و کاریگەرییەکەی هێشتا کۆتایی نەهاتوە لەسەریان.

- دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ پرسیار و وەڵام و تێچنەکان (مداخلات) و کۆمەڵێک کەس بەشدارییان کرد.

<u>دانیشتنی دووەم سەعات  3 ی پاشنیوەڕۆ تا 5 ی ئێوارە</u>

- دکتۆر چارلز گراف، کۆبوونەوەکەی بەڕێوەدەبرد

- د. کارزان ناسیح عەلی، وتەی ڕێکخراوی (چاودێری کوردۆساید – چاک)ی خوێندەوە. سەرەڕای ناساندنی ئەرک و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، باسی لەوە کرد، کە ئەوان ئامادەن بۆ ئەم جۆرە کارانە هاوکاری و دیالۆگ لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و جیهانییەکاندا بکەن، وە گوتی کارکردن  بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەم تاوانانە بەشێکە لە بزوتنەوەی دژ بە شەر وە هەوڵ بۆ ئاشتی لە جیهاندا، کە ئەرکی هەموو لایەکە هاوپشتی بین.

- د. چۆمان هەردی باسێکی ئەکادیمی زانستیی لەسەر (ژنە رزگاربوەکانی دوای ئەنفال لە نێوان قسەکردن و بێدەنگیدا) پێشکەش کرد، کە باسی لە غەم و ئازارەکانی ژنانی پاش ئەنفال دەکرد و جێگەی سەرنجی ئامادەبووان بوو.

- شۆڕش حاجی، پەرلەمانتار لە بەغدا، بە ناوی (هەڵمەتەکانی ئەنفال چۆن و بۆچی؟؟)، کە باسی لە بیر و هۆکاری ئەنجامدانی  ئەنفال دەکرد لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، هەروەها بەشێوەیەکی داتا شۆو هەموو قۆناغەکانی ئەنفال و ژمارە و قەبارەی قوربانیان و زیانەکانی خستەڕوو لەگەڵ ناوی کەرتەکانی سوپای ئەنجامدەر و ناوی تاوانکاران.

- محەمەد جەواد ئەلحەداد: چالاکوانی ناسراوی بواری مافی مرۆڤ لە عێراق، وتەیەکی خوێندەوە. گوتی سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراق واژۆی چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی کرد بوو، کەچی بێباکانە گەورەترین تاوانییان دژ بە گەلی کوردی بێبەش ئەنجامدا. باسی لەوە کرد، کە حکومەت و پەرلەمانی عێراق دەبێت قەرەبووی زیانلێکەوان بکاتەوە و ئازارو مەینەتییەکانی ناوچە کارەساتبارەکان کەمکەنەوە. پشتگیری لە مافە نە تەوایەتییەکانی گەلی کورد کرد.

- وتەی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی کەسیان نەهاتبوون، لە لایەن (هیوا ناسیح) ئەندامی دەستەی کارگێری رێکخراوی چاودێری کوردۆسایدەوە خوێندرایەوە. سەرەرای دەستخۆشی لەم هەنگاوە، ئەو کۆنفرانسەیان بەرزنرخاندبوو، کە خزمەتێکی گەورە بە دۆسییەی کۆمەڵکوژییەکانی کورد دەکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

- دەرگای گفتوگۆ کرایەوە بۆ پرسیار و وەڵام و تێچنەکان (مداخلات) و کۆمەڵێک کەس بەشدارییان کرد.

هاوکات لەمیانی کۆنفرانسەکەدا کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی (ئەنفال، ژینۆسایدکردنی کوردەکان لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە)، لەلایەن شاخەوان شۆرش ئەندامی ریکخراوی چاودیری کوردۆسایدەوە نوسراو و ئامادەکرابوو بەسەر سەرجەم ئامادەبوواندا دابەشکرا، تێیدا سەرەرای باس لە کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالەکان دۆکیۆمێنتێکی زۆریشی لەسەر هەڵمەتەکانی ئەنفال و دادگاییکردن و بریارەکانی دادگا بەرامبەر تاوانبارانی ئەنفالی لەخۆی گرتبوو،.

ئەم کۆنفرانسە کە لەسەر پێشنیازی چاودێری کوردۆساید ئەنجام دراو زیاتر لە 70 کەس لە نوێنەرانی وڵاتان و دیپلۆمات و نوێنەرانی رێکخراوە جهیانییەکان و دۆستانی بیانیی کورد و نوێنەرانی حزب و لایەنە کوردستانیەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان ئامادەبوون، هەروەها هاوکات دوو سەرپەرشتیار و نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان بەشداریان کرد و زانیارییەکانیی ناو کۆنفرانسەکەیان تۆمار دەکرد.

مەبەست لە بەستی کۆنفرانسەکەش بریتیی بوو لە:

١. ناساندنی ئەم کۆمەڵکوژیانە بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا

سودوەرگرتن لە ئەزمونی گەلان لە کارکردن و تێکۆشان بۆ ناساندنی ئەم تاوانانە لەباری یاساییەوە بە
٢. جینۆساید

٣. قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان و نەهێشتن و کەمکردنەوەی کاریگەری و ئاسەوارەکانی ئەو کۆمەڵکوژییانە

شایەنی باسە و دەکرێت بلێین بۆ یەکەمجارە لە مێژووی کورددا کۆنفرانسێکی وا لەبارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان لەسەر کارەسات و کۆمەڵکوژییەکانی میللەتەکەمان ئەنجام بدرێت. ناشکرێت نەڵێین کە لە ساڵی پارەوە پرۆژەی ئەم کۆنفرانسەمان دابوو بە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان، کەچی هیچ جۆرە یارمەتییەکی ماددی و مەعنەویان پێشکەش نەکردین، سەرەرای ئەوەی لە هەردوولاوە بەڵێنی هاوکارییان پێدابن.

جێگەی باسە چەند کەسێکی تر داوەتکراوبوون، وەک بەرێزان مامۆستا محەمەد حەمە ساڵح، نوسەر و لێکۆڵەر لە بواری ئەنفال و جینۆساید هەروەها کاک بەکر حەمەسدیق پەرلەمانتاری کورد لە

پەرلەمانی عێراق و پارێزەری کەیسی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی کێشەی ڤیزەوە نەیانتوانی بێن و بەشدار بن...

شایەنی باسە کاتی خۆی ئەم ڕاپۆرتە لە زۆر لەسایتە کوردییەکاندا، هەروەهاش لە گۆڤاری (تۆپزاوە) ژمارە سێ، ئۆگۆستی ساڵی ٢٠١١دا بڵاوکرایەوە...



Al-Hakim Foundation

CHAK

**Human Rights Situation in Iraq**
**Missing Persons & Victim Compensation**

HALABJA, ANFAL CAMPAIGNS, AND THE MASS-GRAVES

**Friday, 18th March 2011**
**11:00-13:00 & 15:00-17:00**
**Room: XXIII, Palais des Nations, Geneva, Switzerland**

Program:
- A documentary about the crimes of Iraqi military forces: Halabja chemical attack

Speakers:
- **Speech of Iraqi representative**
- **Dr. Abdul Amier Hashom**: Representative of Al-Hakeem Foundation to UNOG
- **Frishta M. Hasan**: Psychologist. Lund University
- **Dr. Karzan Ali**: Spokesman of Kurdocide Watch Organization (CHAK)
- **Dr. Gerhard Freilinger**: Specialist in Plastic and Aesthetic Surgery, OGPARC
- **Choman Hardi**: Researcher at St. Antony's College, Oxford
- **Anton Keller**: Founder and Director of SLM Center
- **Shorsh Resool**: Member of Iraqi Parliament
- **Sheik Salar Mohamed Al-Hafeed**: Al-Hafeed Family
- **Al-Adhad Mohammed Jawad**: Human Rights Activist in Iraq
- **Mohammed Hama Salih Tofiq**: General Director of Social Affairs, Sulaimanya
- **Salar Mahmod**: Kurdistan Regional Parlement, Human Rights Council

Moderator: **Dr. Charles Graves** (Secretary General, Interfaith International)

Food & drinks are provided
Translation/English, French, Arabic, and Kurdish

RAD DHO

INTERFAITH International

پۆستەری بەرنامەی کۆنفرانسەکە

+ چەند وێنەیەک لە کۆنفرانسەکەوە....






getty
PRESIDE
C. GRAVES
A. KELLER
A. KARZAN
A. A. HASHOM
SECRETAIRE


Babylon
IRAN
al-Mahawil
Najaf
SAUDI ARABIA
Basra
Abul Khasib
F. M. HASAN
G. FREILINGER






HALABJA & ANFAL
Kurdocide Watch
M. J. AL-ADHAD
A. KARZAN
PRESIDENT




Ali Hassan al-Majid
The Anfal Engineer
RCC Decree no.160 on 29/3/1987
A. KARZAN
PRESIDEN
C. GRAVES
S. RESOOL
A. A. HASHOM
C. HARDI
SECRETAIRE


A. KARZAN
PRESIDENT
C. GRAVES
S. RESOOL


Definition of Anfal
Anfal is the name of the eighth Sura (Verse) of the Qur'an, which means Spoils
A. KARZAN
C. HARDI


The Directors of Northern Bureau
C. GRAVES
S. RESOOL
A. A. HASHOM
C. HARDI


MUHAMMAD HAMZA ZUBAYDI
Retired RCC Member